

# جەمال غەمبار، شاعیری خودە شکستخواردەکان

**سۆران ئازاد**

**بە م. ئیسماعیل ئەحمەد چۆمانی پێشکەشە**

خوێندنەوەیەکی رەخنەئامێز و شیکارکەر لەبارەی شیعرەکانی (جەمال غەمبار)ەوە قورسایی و تایبەتمەندیی خۆیی هەیە، چونکە پێویستی بە خوێندنەوەی سەرلەبەری ئەو دنیابینییەوە هەیە، کە شاعیرێک لە رێگەی تێڕامان و خەیاڵ و ئازارەکانییەوە دروستی کردووە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە قسەکردن لەبارەی هەر دەقێک بە دیوە رەخنەییەکەیەوە پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لە شوێنکاتی ئەو تێکستە (بیرمان نەچێت هیچ دەقێک نییە بکەوێتە دەرەوەی شوێنکاتەوە).

لەنێو ژانری شیعریی ئەدەبیی کوردیدا، (جەمال غەمبار) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە شیعرەکانی هەڵگری پەیام و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیانن، بێگومان کاریگەریی ئەدەبیی عەرەبی و شیعرەکانی (نالی) و (مەحوی) بە سەر شیعرەکانییەوە دەبیندرێت، بەڵام ئەوە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە، کە لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییانەوە (غەمبار) توانیویەتی خودی خۆی بێت لە شیعردا، چونکە ئەو کاریگەرییانەیە وایان کردووە جۆرێک پێوەندی لەنێوان دنیای تایبەتی (جەمال) و شاعیرانی دیکە دروست بێت، هەر تەنها شاعیرەکان نا، بەڵکو کاریگەریی چەند تێکستێکی فەلسەفەیی بەسەر شیعرەکانیدا دیارە، ئەوەتا لە شیعری (نامبینی چۆم پاییز ئەبمەوە، نامبیستی چەند لە گۆرانییە بێ ڕەنگەکانی ئاو ئەچم) لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**«ئیتر ئەوەندە سیزیف نەبێت، ئیتر خۆی بێت/ بەدەم ئەو وەجدەوە، حەز ئەکات/ ئەم بەردی لەسەر شان داگرن،/ ئەم بەردی ژیانە ئەوی کوشت»**

ئەم وێنە شیعرییە لەژێر کاریگەریی (ئەفسانەی سیزیف)ی (ئەلبێرت کامۆ)دا دروست بووە، ئەمەش هەر ئەو پێوەندییەیە، کە لەنێوان ڕۆحی مرۆڤەکان بە هەموو ڕەهەندە ئیستاتیکی و ئازارەکانەوە هەیە. هەموو ئەمانە وایان کردووە (جەمال غەمبار) بتوانێت لە سوچێکی نووسیندا خەیاڵەکانی لەناو زماندا بەرجەستە بکات. زمانی شیعریی (غەمبار) لە ئاستێکی زۆر بەرزی خەیاڵ دایە، واتە بە هۆی قووڵبوونەوەی شاعیر لە خەیاڵدا، توانای زمانیش بەرفراوانتر بووە لە گوزارشتکردن لە خود. یەکێک لە لایەنە ئیستاتیکییە ناوازەکانی دنیابینیی (غەمبار) ئەوەیە، کە شیعرەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستی خوێنەردا کارلێک دەکەن، بە بڕوای من ئەوە بە هۆی ئەو وێنە شیعرییانەوەیە، کە شاعیر دێر لەدوای دێر لە ڕێگەی خەیاڵەوە بەرجەستەی زمانیان دەکات. شیعرەکانی (جەمال غەمبار) هەوڵدانێکە بۆ ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی شوێنکات، بۆ ئەوەی (خود- Self) خۆی بێت. هەموو ئەمانەش زادەی بوون Beingی خودن لە شوێنکاتدا.

لە چەند شیعرێکی (جەمال غەمبار) ئێمە ڕووبەڕووی وشەی (ئاو) دەبینەوە. ئەگەر بێت و خوێندنەوە بۆ ئەو مانایانە بکەین، کە لە پشت بەکارهێنانی «ئاو»ەوە خۆیان حەشارداوە، ئەوا دەتوانین بەشێک لە تێگەیشتنی خۆمان بۆ شیعرەکانی غەمبار گوزارشت بکەین. (ئاو) پانتاییەکی قووڵی لە شیعرەکانی (غەمبار)دا داگیرکردووە، (ئاو) لای شاعیر بووەتە جێگەی زیاد لە چەند تێڕوانینێک. یەکەم دیوانە شیعری (پاڕانەوە لە ئاو) دەمانخاتە بەردەم وێناکردنێکی خەیاڵییانە بۆ (ئاو). یەکێک لەو مانا شاراوانەی (ئاو)، کە لە شیعرەکانی (غەمبار)دا هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە (ئاو) هەمیشە شوێنێکی قووڵی لە فەنتازیای تاکی کورددا داگیرکردووە. پەڕینەوە لە ئاو لای تاکی کورد ڕۆیشتنە بۆ سەرزەمینێکی دیکە، کە ئەویش تاراوگەیە، لە ڕێگەی ئاوەوە تاکی کورد پێوەندیی بە نیشتمانی خۆیەوە نامێنێت، هەر وەک دەبینین بەشی هەرە زۆری کۆچی پەنابەرانی کورد بۆ دەرەوە لە ڕێگا ئاوییەکانەوە بووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا من سێ میتۆد بەکاردەهێنم بۆ

# شیعرەکانی (جەمال غەمبار) هەوڵدانێکە بۆ رزگاربوون لە کۆتوبەندی شوێنکات، بۆ ئەوەی (خود) خۆی بێت

خوێندنەوەی ئەزموونی شیعری (جەمال غەمبار)، چونکە هەست دەکەم بەکارهێنانی ئەم سێ میتۆدە وادەکات لە سێ روانگەی جیاوازەوە شیکردنەوە بۆ تێکست بکەین:

## گەڕان بەدوای جوانیدا، ئەزموونی ئیستاتیکای شیعری (غەمبار):

گەڕان بەداوی جوانیدا هێڵێکە لەناو زۆربەی شیعرەکانیدا دەبیندرێت. خوێندنەوەی (جەمال غەمبار) بۆ جوانیی شێوەیەکی ئیستاتیکی و خەمهەژێنە. (غەمبار) جوانیی ئەودیو شتە ونبووەکان دەدۆزێتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە (غەمبار) جوانیی لە شتەکانی دەوروبەردا دەدۆزێتەوە نەوەک جوانی وەک چەمکە گشتییەکەی بەکار بهێنێت. خاڵێکی دیکە کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە (جەمال غەمبار) روانینێکی تری هەیە بۆ جوانی، واتە هەموو ئەو شتانەی بە بێ بایەخ لە ژیانی ئاساییدا سەیر دەکرێن، یان بڵێین لە بوونی رۆژانەدا، لە شیعرەکانی (غەمبار) فۆرمێکی جیاواز لەناو جوانیدا وەردەگرن. ئەمە رێک لەگەڵ بیروباوەڕی (سوکرات) هاوتایە، کە پێی وایە جوانی ئەوە نییە، کە بە جوانی سەیر دەکرێت. ئەوەتا لە شیعری (با دڵنیا بێت ئاو) جوانی لە قووتووی بەتاڵی رێگاکاندا دەدۆزێتەوە و دەڵێت:

«پڕم لە قوتووی بەتاڵی رێگاکان.. پڕم لە نیگەرانی/ کەی منداڵێکی موحتاج کۆمئەکاتەوە و / ئەمباتەوە بۆ شار !» / ڕەشەبایەکی ئۆپۆزسیۆن وای لەسەر دیوارە / غەمناکەکانی گەرمیان نووسیبوو...»

لەم کۆپلە شیعرەدا جوانی وەک رەهەندێکی قووڵی مرۆڤی بەرجەستە بووە، کاتێک منداڵێک موحتاج دەبێت، ئەوا دەست دەکات بە کۆکردنەوەی قووتووی بەتاڵی رێگاکان. لەم وێنەیەدا کارەکتەری ئازارەکان (ڕەشەبا)یە، هەر لە رێگەی ئەو زمانەوە هەست بە دیوار بەخشراوە، کە غەمگینە، واتە شاعیر گیان بە شتە بێگیانەکان دەبەخشێت، بۆ ئەوەی تەعبیر لە ئازاری خۆیان بکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەستی مرۆڤی سەرەتایی تێدەگەین، کە لای مرۆڤی سەرەتایی شتەکانی دەوروبەر وەکو مرۆڤ گیانیان هەیە، ئەوان پێیان وابوو بەرد گیانی هەیە و گەورەترین بەڵگەشیان ئەوەبوو، کە بەرد تلۆر دەبێتەوە، بیروڕایەکی تریشیان ئەوە بوو، کە شتەکانی دەوروبەر لە ناوخۆیاندا هەست بە بوونی خۆیان دەکەن. لە ئێستادا ئەم بیروباوەڕە وەک بیرکردنەوەیەکی سادەی مرۆڤی سەرەتایی دەخوێندرێتەوە، بەڵام شیعر چونکە تەعبیرکردنێکی راستەوخۆیە لە ناخی مرۆڤ، بۆیە گیانبەخشین بە بەرد و رەشەبا لەم شیعرەدا ڕێگایەکی دیکەیە بۆ گوزارشتکردن لە ناخی مرۆڤ، هەر بۆیە ئەم وێنە شیعرییە گوزارشت لە موحتاجبوونی منداڵ لە رێگەی زمانی (رەشەبا)وە دەکات. جگە لەوەی (دیوار) کە لەم کۆپلەیەدا هەڵگری خوێندنەوەی فیکرییە، چونکە دیوار لێرەدا گوزراشتە لەو بەربەستانەی لەنێوان شتەکاندا بوونیان هەیە، مانایەک خۆی لە پشت ئەم وێنەیەدا حەشارداوە، ئەویش ئەوەیە دیوار غەمگینە، کە دیوارە.

لایەنێکی دیکەی ئیستاتیکیی شیعرەکانی (جەمال



خوێندنەوەی (جەمال غەمبار) بۆ جوانیی شێوەیەکی ئیستاتیکی و خەمهەژێنە. (غەمبار) جوانیی ئەودیو شتە ونبووەکان دەدۆزێتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە (غەمبار) جوانیی لە شتەکانی دەوروبەردا دەدۆزێتەوە نەوەک جوانی وەک چەمکە گشتییەکەی بەکار بهێنێت



لایەنێکی دیکەی ئیستاتیکیی شیعرەکانی (جەمال غەمبار) وێنەبەخشینە بە سرووشت، هەر وەک لە شیعری (ئەم ئێوارەیە بارانێک کۆچ ئەکا، ئەمشەو شیعرێک ناگەڕێتەوە ماڵێ!) کە بۆ کۆچی دوایی (سەلاح محەمەد)ی شاعیر نووسیوەیەتی

غەمبار) وێنەبەخشینە بە سرووشت، هەر وەک لە شیعری (ئەم ئێوارەیە بارانێک کۆچ ئەکا، ئەمشەو شیعرێک ناگەڕێتەوە ماڵێ!) کە بۆ کۆچی دوایی (سەلاح محەمەد)ی شاعیر نووسیوەیەتی، لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**«ئەو کە ئەگریا، وەک مانگ ئەگریا/ کە مەست ئەبوو وەک پەپوولە مەست ئەبوو،/ مەستانەش ئەیوت:/ دڵم بریندار مەکەن، چونکە لە بری خوێن/ هەر خۆتانی لێ ئەتکێن!»**

لەم کۆپلەیەدا جوانی لە گریانی مانگدا دۆزراوەتەوە، شاعیر گریانی مانگی کردووەتە وێنەیەکی شیعری، ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگەی گریانی مانگ و مەستبوونی پەپوولەوە گوزارشت لە تێڕوانین و ڕۆحی شاعیرێک دەکات. هەر لەم کۆپلەیەدا شاعیر هەستی (سەلاح محەمەد) پڕ لە سۆزی خۆشەویستیی مرۆڤەکانی دیکە دەکات.

لایەنێکی دیکەی ئیستاتیکیی شیعرەکانی (جەمال غەمبار) وێناکردنی جوانییە لە بیرەوەرەییەکانیدا. شاعیر بە گەڕانەوەی بۆ منداڵی، جوانی دەخاتە پاڵ کۆڵان و نیشتمان و ئازارەکانی رابردووی. ئەم شێوە روانینە لە شیعرەکانی «دلاوەر قەرەداغی»یشدا ڕەهەندێکی دیکەی ئیستاتیکی وەردەگرێ. لای (جەمال غەمبار) گەڕانەوە بۆ بیرەوەرییەکان گوزارشتە لە ئێستای تەمەنی، یان دەتوانین بڵێین هەموو ئەو شوێنانەی (غەمبار) لە شیعرەکانیدا ئاماژەیان پێ دەدات وەکو (وەیس، باخی گشتی، ئاوەسپی، ئەدیلا، یۆتۆبۆری، سلێمانی.. . تاد) ئەوا مانای وایە شوێنەکان جارێکی دیکە لە خەیاڵدا داڕێژراونەتەوە، بەو شێوەیەی لە خەیاڵی شاعیردا دروست بوون. ئەگەر سەیر بکەین لە ڕۆمانەکانی «بەختیار عەلی»شدا شوێن ڕەهەندێکی خەیاڵیی وەرگرتووە بۆ تەعبیرکردن لە واقیعی شوێنەکان. (هەولێر)ی ناو چیرۆکەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) هەرگیز لە هەولێری راستەقینە ناچێت. ئەوە هێزی راکێشانی خەیاڵە (Attraction of Imagination) شوێنەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە دەربڕیندا دادەڕێژێتەوە. دیارە من مەبەستم لە شوێن تەنها لایەنە جیۆگرافیایەکەی نییە، بەڵکو مەبەستم گشت ڕەهەندەکانی شوێنە، کە دابونەریت، کۆمەڵگە و دیاردەکانیشی دەگرێتەوە.

نووسینەوەی خودی ئەوانی دیکە، یان تەعبیرکردن لە ئازاری سەختی مرۆڤەکانی دیکە یەکێکی ترە لە خەسڵەتە جوانەکان، ئەو کارتێکەرە مرۆڤییانەی لە شیعرەکانی (غەمبار)دا دەبیندرێت، هەستێکی جوانیناسییانەیە، کە وادەکات چیرۆکی غەریببوون و ئازاری مرۆڤەکانی دیکە وێنا بکات. دەتوانین نموونەی شیعری (بەدەم گۆرانییەکانی «کلارا»وە) بهێنینەوە. (غەمبار) چیرۆکی خێزانێکی پەناهەندەی کورد لە تورکیا دەگێڕێتەوە، کە (کلارا)ی کچیان لە تەمەنی حەوت ساڵاندا ئۆتۆمبێل لێی دەدات و گیان دەسپێرێت. لەوێدا شاعیر گازاندەی نەبوونی یەکسانی و ئازادی دەکات، ئەو دوو چەمکەی مافی بنەڕەتیی هەموو مرۆڤێکن، بەڵام شێوازی تەعبیرکردن لە نەبوونی ئازادی و یەکسانی، شاعیر لە سرووشتدا وێنای دەکات و بە شێوەیەکی ئیستاتیکی بەرجەستەی شیعریان دەکات، ئەمە پەڕینەوەیەکی مێتافیزیکیی ڕۆحییە، واتە لەودیو

# لە چەند وێنە شیعرێکدا شاعیر جۆرێک پێوەندی لەنێوان ناوەوەی خۆی و سرووشتدا پێکدەهێنێت

مێتافیزیکاوە شاعیر جیاوازییە مرۆڤییەکان دەدۆزێتەوە. ئەوەتا لە سەرەتادا دەڵێت:

**«گەر لێگەڕابان: / ئازادی ماڵی هەموان بێت و / بارانی بەختەوەریی مرۆڤ، وەک یەک هەمووومان تەڕ بکات،/ ئاسمان بێ جیاوازی، جێی فڕینی هەموو باڵندەکانی تیا ببێتەوە،/ نان، وەک تیشکی خۆر، خۆی بە ماڵی هەموماندا بکات،/ گەر لێگەڕابان../»(کلارا)»ش، بووکەشووشەکانی خۆی، وا بە تەنیا جێ نەدەهێشت.. گەر لێگەڕابان ئەستێرەکان بە یەکسانی خۆ لە تریفە هەڵکێشن،»...**

ئەم بەرزکردنەوەیەی ئازارەکانی مرۆڤ بە وێناکردنێکی مێتافیزیکانە هەڵگری رەهەندی ئیستاتیکی و مانادارى تایبەت بە خۆیەتی، چونکە بەرزکردنەوەی هەر ئازارێکی مرۆڤ بۆ ئاستی مێتافیزیکی، گەواهیی گەورەیی هەستی مرۆڤەکان دەدات لەسەر رووی زەویدا، بە مانایەکی تر مرۆڤ لە بوونەوەرێکی زەوییەوە بەرزدەکاتەوە بۆ بوونەوەرێکی مێتافیزیکی، کە لە بوونی خۆیدا رووبەڕووی ئازارە مێتافیزیکییەکان دەبێتەوە، ئەمەش هێندەی دیکە ئیرادەی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، وەک بوونەوەرێکی ئاسمانی. (چیخۆف) دەڵێت: ئازار و ڕەنج مرۆڤ بەرەو کامڵی دەبەن. هەر وەک ئەم لە شیعرەدا دەبینین شاعیر ئەو نایەکسانییەی، کە لە سرووشتدا هەیە لە ڕێگەیەوە تەعبیر لە نایەکسانی و نەبوونی ئازادیی مرۆڤەکان دەکات.

لە چەند وێنە شیعرێکدا شاعیر جۆرێک پێوەندی لەنێوان ناوەوەی خۆی و سرووشتدا پێکدەهێنێت. لە شیعری (سوپاس بۆ ئاو کە تۆ لێرەی) لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**«گەر نازانیت هەنار چۆن ئەگری لە دەمی کەوتنەخوارەوەدا/ وەرە سەیری دڵی من کە»**

لەم وێنەیەدا شاعیر سەرنجی خوێنەر بۆ گریانی هەنار لە دەمی کەوتنەخوارەوەدا لەگەڵ دڵی خۆی رادەکێشێت. جۆرێک پێوەندیی خەیاڵی لەنێوان دڵی خۆی و هەناردا پێک دەهێنێت، کە ئەمەیش روانینێکە شاعیر پێیەوە تەعبیر لە هەستی خۆی ئەکات.

## تاراوگە و ناسەقامگیری

هەر لە شیعرەکانی (جەمال غەمبار)دا (نۆستالژیا) بووەتە بەشێک لەو دنیابینییەی کە شاعیر تێیدا دەنووسێت، نۆستالژیا بە شێوەیەک لە شێوەکان کاری کردووەتە سەر هەستی نامۆیی شاعیر، هەر ئەو هەستەیشە، کە حاڵەتی ناسەقامگیری (Oscillation) لە چەند شیعرێکی «غەمبار»دا دروست کردووە، دیارترین نموونەیش شیعری (با دڵنیا بێت ئاو)، کە شاعیر بە هەستێکی ناسەقامگیریانە دەست پێ دەکات. لە شیعری (نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە، نامبیسیت چەند لە گۆرانییە بێ رەنگەکانی ئاو ئەچم؟) ئەم ناسەقامگیرییە دەگەڕێتەوە بۆ فریودانێک کە لە رابردوودا رووی داوە، هەر وەکو دەڵێت:



نووسینەوەی خودی ئەوانی دیکە، یان تەعبیرکردن لە ئازاری سەختی مرۆڤەکانی دیکە یەکێکی ترە لە خەسڵەتە جوانەکان، ئەو کارتێکەرە مرۆڤیانەی لە شیعرەکانی (غەمبار) دا دەبیندرێت، هەستێکی جوانیناسییانەیە، کە وادەکات چیرۆکی غەریبوون و ئازاری مرۆڤەکانی دیکە وێنا بکات

**«وەک من مەکەن، بە ئاوی کوژراندا مەپەڕنەوە،/ من بە قسەی هەناری ژیان فریوم خوارد/بە ڕەنگی ئاوێک / کە لە بنەوەی مەرکانەکانی یەقیندا ستارەی گرتبوو / ڕەسمی خەون و ئەفسانەکانی ئومێدم کێشا»**

دیارە لەم وێنە شیعرییەدا حاڵەتی ناسەقامگیری وێنا کراوە، جگە لەوەی هەستی (یەقین) دەخاتە بەردەم گومانەوە، ئەو یەقینەی لەپاڵ خەون و ئەفسانەکانی ئومێددا رەگی داکوتابوو، دیارە خەونەکانی شاعیر هێندە گەورە بوون، تا ئەو ئاستەی بوونەتە ئەفسانەی خود، چونکە ئەفسانە کاتێک لەدایکبوو، کە مرۆڤ ویستی پەنا بۆ هێزێکی مێتافیزیکیی گەورە ببات بۆ ڕەواندنەوەی ترس و ناسەقامگیری، لەبەر ئەوەشە ئەفسانە تەعبیر لە هێزی خوداوەند دەکات، مرۆڤیش وەک یەکێک لە داهێنانەکانی خوداوەند خاوەن ئەفسانەی تایبەت بە خودی خۆیەتی.

بەڵام هەموو ئەو ئەفسانانە شکستی شاعیریان لە دواوە بووە، چونکە ئەفسانە لە بەرانبەر واقیعدا شتەکاندا کاریگەر نەبووە. دەمەوێت لێرەوە بڵێم هیچ ئەفسانەیەک لە روانگەی لۆجیکەوە سەر ناگرێت، ئەفسانە نەیتوانی خوداوەند لەو رووخاندنە مێتافیزیکییەی کە (نیچە)ی فەیلەسووف ئەنجامی دا، رزگار بکات.

(نۆستالژیا) دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ئەو خودە نامۆیە، کە لە نێو رۆحی شاعیردایە، واتە دەکرێت بڵێین نۆستالژیا لای شاعیر بووەتە هۆی دەرخستنی ئەو خودە نامۆیەی، کە بەشێکی قووڵی روانینی شاعیری داگیرکردووە. ئەمەش وەک بازدانە لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە. هەستکردن بە نامۆیی لە شوێندا کاریگەریی پۆزەتیڤی هەیە لەسەر ئەوەی، کە خود هەمیشە بە خۆیەوە بەند بێت نەوەک بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، واتە خود هەمیشە لە گەڕانەوەدا بێت بۆ ناو خۆی، چونکە هەموو دەرکەوتەکانی دەرەوە بە خودی ئەو نامۆن.

لە چەند وێنە شیعرێکی دیکەی شاعیردا، وێناکردنێکی عەبەسیانە هەیە بۆ نیشتمان، هەر لە شیعری (سوپاس بۆ ئاو کە تۆ لێرەی) لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**«هەموو بێزارن لە نیشتمان/ ئێستا نیشتمان بۆتە جانتایەکی گەورەی سەفەر. / هەموو بێزارن لە ماڵ/ پڕە لە گریان. / هەموو بێزارن لە زاکیرەی خۆیان/ پڕە لە کوشتنی منداڵ. / ئەی کێیە بێزاری نایخوات؟»**

ئەو هەستە عەبەسییەی کە لەم وێنە شیعرییەدا وێنا کراوە، ساتی یاخیبوونە لە شوێنێکی دیاریکراو، شاعیر هەر بە نیشتمانەوە نەوەستاوە، بەڵکو (ماڵ) یش دەخاتە هاوکێشەکەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای (پلاتۆ) لەوە تێدەگەین، کە مرۆڤ لە ماڵدا ناتوانێت خاوەن بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی خۆی بێت، چونکە ماڵ ئەگەر ئەو شوێنە بێت ئاڕاستەی دڵنیایی و سەقامگیری باڵی بە سەردا کێشابێت، ئەوا بیرکردنەوەی پڕ ترس و فەلسەفییانە لەوێدا مەحاڵ دەکەوێتەوە. شاعیر بێزاری لە زاکیرە و رابردووشدا وێنا دەکات، بێزارییەک باڵی بە سەر

# نۆستالژیا لای شاعیر بووەتە هۆی دەرخستنی ئەو خودە نامۆیەی، کە بەشێکی قووڵی ڕوانینی شاعیری داگیرکردووە

هەموو شتێکدا کێشاوە، ئەم بێزارییە ڕووبەڕێکە بۆ نامۆبوون بە شوێنکاتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین نۆستالژیا کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لەسەر دنیابینیی شاعیر هەبووە، چونکە دیوە خەمهەژێنەکەی نۆستالژیا بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین وێنە شیعر، کە هەموویان گوزراشتن لە نامۆیی مرۆڤ لە شوێنێکدا.

## دنیای نائومێدی و ڕەشبینی

دیوێکی تری جوانییەکانی شیعری (غەمبار) ئەو دیدە ڕەشبینییەیە، کە لە دنیابینیی ئەودا بە ڕوونی دیارە، ڕەشبینییەک زۆرجار مرۆڤ دەخاتە لێوارەکانی جێهێشتنی ژیان، یان بە مانایەکی دیکە وا لە بوون بڕواندرێت، کە مانای نییە. هەر لە شیعری (نامبینی چۆن پایز ئەبمەوە، نامبیسیت چەند لە گۆرانییە بێ ڕەنگەکانی ئاو ئەچم) دەمانخاتە بەردەم دنیایەکی پڕ نائومێدی، لەم شیعرەدا ڕۆحێک هەیە شەکەت لە ژیان، ماندوو لە وەڕین، سەیر نییە ئەگەر بڵێم ئەم شیعرە ڕێک لە چیرۆکی کارەکتەرە بێئومێدەکان دەچێت، ئەم شێوە ڕەشبینییە لە چیرۆکەکانی (فرانز کافکا)، (چیخۆف) و (بێکیت)دا هەستی پێ دەکرێت، هەر وەک چۆن دنیای (بێکیت) دنیایەکی عەدەمییە، لەم شیعرەیشدا ئارەزوویەکی قووڵ هەیە بۆ عەدەم. لە باشترین حاڵەتدا پێوەندییەکی قووڵ دەبینم لەنێوان (دکتۆر Physician)ی کارەکتەری چیرۆکی (قاووشی ژمارە شەش – Ward number six)ی (چیخۆف). لەم چیرۆکەدا (دکتۆر Physician)ی کارەکتەر ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ مردن خاڵی دەکاتەوە، لای (دکتۆر Physician) ئەقڵ پانتاییەکی قووڵ لە ژیانی مرۆڤدا داگیر دەکات، ئەمە لەکاتێکدا، کە ئەو ژیان بە زیندان دەشوبهێنێت. لەم شیعرەی (جەمال غەمبار)دا ژیان وەکو بەردەکەی سەر شانی (سیزیف) وایە. هەر بۆیە لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

«من لای (کلارا)وە گەڕاومەتەوە، / لە مردنێکی چۆڵ ئەگەڕێم/ ئەرێ کەس مردنێکی چۆڵ شک نابات بۆ کرێ؟/ ئەرێ مردوویەک بێزار نییە لە گۆڕ و مەرگ و حیکایەتەکانی خۆی / تا بیانبەخشێت بە ئێمە...؟!»

لەم وێنە شیعرانەدا مردن وەک پەناگەیەک سەیر کراوە، جوانییەکی قووڵ خراوەتە پاڵ مردن، ئەگەرچی ئەو هەوڵانەی لە لایەن مرۆڤەوە دراون بۆ ڕزگاربوون لە مەرگ هەر لە شارستانییەتی میزۆپۆتۆمیا و دۆڵی ناوین و میسرەوە تا لە فەلسەفەی هیندی و چینیش ڕەنگی داوەتەوە. باشترین نموونەش مۆمیاکردنی مردووەکانە لە لایەن میسرییە کۆنەکانەوە، تاکو جەستە تێک نەچێت و ژیانێکی نوێتر دەست پێ بکاتەوە. یان داستانی (گلگامێش) خۆی نموونەیەکی زیندووە بۆ گەڕان بە دوای نەمریدا. بەڵام ئەوەی لەم شیعرەدا دەبیندرێت وێناکردنی هەموو بوونە لە چیرۆکی ژیان، بێزاری، بیرەوەری، قیامەت و... تاد. لە باشترین حاڵەتدا شاعیر ژیان بە بێمانایی پێناسە دەکات. هەر لەو شیعرەدا دەڵێت:

«ئاخر وەرە/ و ڕۆژی سەدجار بمبارێنە/



لایەنێکی دیکەی ئیستاتیکیی شیعرەکانی (جەمال غەمبار) وێناکردنی جوانییە لە بیرەوەرەییەکانیدا. شاعیر بە گەڕانەوەی بۆ منداڵی، جوانی دەخاتە پاڵ کۆڵان و نیشتمان و ئازارەکانی ڕابردووی. ئەم شێوە ڕوانینە لە شیعرەکانی «دلاوەر قەرەداغی»یشدا ڕەهەندێکی دیکەی ئیستاتیکی وەردەگرێ

### بە سەر بێمانایی ژیان و / بە سەر ئەو قسە پڕوپوچانەی/ ئێمەیان لە عیشق بڕییەوە...»



دیوێکی تری جوانییەکانی شیعری (غەمبار) ئەو دیدە رەشبینییەیە، کە لە دنیابینیی ئەودا بە روونی دیارە، رەشبینییەک زۆرجار مرۆڤ دەخاتە لێوارەکانی جێهێشتنی ژیان، یان بە مانایەکی دیکە وا لە بوون بڕواندرێت، کە مانای نییە

لەم وێنە شیعرییەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ژیان لای شاعیر بێمانایییەکی هەزەلییە، دیارە لە ئەدەبدا هەمیشە پرسیاری (ژیان چییە؟) وروورژێندراوە، دیارترین نموونەی ئەدەبی (Where Angels fear to tread کاتێ فریشتە دەترسێت بێتە خوارێ، یاخود شوێنێک، فریشتە دەترسێت پێی تێ بخات)، کە هیی (E. M. Forster)ـە و هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیارە مەبەستێکی میتافۆرییانەی هەیە. بە بڕوای رەخنەگران لەم بەرهەمەدا ویستی گفتوگۆکردن لەبارەی (ژیان چییە)وە رەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆری داوەتەوە، تا ئەو ئاستەی کە (Forster) ویستوویەتی بە شێوەیەکی لۆجیکی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە ئاڵۆزەدا بکات. وەک لە مردنی (چارلز) و دواتر لە مردنی (لیلیا)ی هاوسەری بە سەر منداڵەوە دەیبینین، کە دوای ئەوەی شووی بە کوڕێکی ئیتاڵی دەکات. بە کورتی (فۆرستەر) لەم ڕۆمانەیدا کاریگەریی دەسەڵات لەسەر تاکەکان دەردەخات، کە چۆن گیانی مەرگدۆستی لە نەستی مرۆڤەکان دەروێنێت و جوانییەکانی ژیانیان لا دەکوژێت. (ئەلبێرت کامۆ) لە «ئەفسانەی سیزیف»دا ژیان بەبێمانایی پێناسە دەکات، ئەویش لە کاتێکدا کە ژیان وەکو هەوڵدانە بێ ئەنجامەکەی (سیزیف) دەبینێت. لەم وێنە شیعرییەدا شکست لە عیشق بۆتە سەرچاوەی بێماناکردنی ژیان لە روانینی شاعیردا.

شاعیر لە چەند شیعرێکدا داوای تەعبیرکردنی خودی خۆی دەکات لە لایەن ئەوانی دیکەوە، دەتوانین شیعری (پێش ئەوەی ژیان لە پەنجەرەی تەنیاییمەوە بکەوێتە خوارێ) بە نموونە بهێنینەوە. سەرەتای شیعرەکەی بە شکستی خۆی دەست پێ دەکات، شکست لە سەفەر، هەڵاتن، عەشق.. هتد بۆیە پاشان لە رێگەی بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکەوە داوا لە کەسێک دەکات، کە بینوسێتەوە، دیارە شاعیر مەبەستیەتی خودی خۆی لە تەعبیری کەسی بەرانبەردا ببینێت، بۆیە ئەوپەڕی ئازادییش دەداتە ئەو کەسە، کە چۆن بینوسێتەوە، هەر وەک دەڵێت:

**«بمنووسەوە.../ هەتا ژیان لە پەنجەرەی تەنیاییمەوە نەکەوتۆتە خوارێ بمنووسەوە/ لە کام دێڕی/ خەمنامەکەتا دام ئەنێیا، / لە باخچەی کام برینی خۆتا بۆم ئەگەڕێیت، مەیلی خۆتە..»**

ئەم روانینەی شاعیر پێوەندیی بە خود هەیە لە دیدی خودێکی ترەوە، لەم دێرەدا شاعیر پەنا بۆ نووسین دەبات لە بەرانبەر تەنیاییدا، چونکە وەکو لە ناونیشانەکەیشدا ئاماژەیەک هەیە بۆ نووسینەوەی خود بەر لە کەوتنەخوارەوەی ژیان لە پەنجەرەی تەنیاییەوە. ئەم وێناکردنە لە شیعرێکی (دیار بەکر)ی شاعیردا هەیە، هەر وەکو دەڵێت: (**هیچ مەنووسنەوە/ کێ ناڵێت لە لەبیرچوونەوەیەکدا/ دەرفەتی فرینێک نالورێنێت و / زیندوو نابنەوە**) ئەمەش دروستکردنی پێوەندییەکە لەنێوان نووسین و

# رەخنە پاشکۆی ئەدەب نییە، بەڵکو داهێنانێکی سەربەخۆیە. شیعرەکانی (جەمال غەمبار)یش لە دەرەوەی رەخنەدا دنیای تایبەت بە خۆیان خوڵقاندووە

ژیان، بەر لە مردن. هەموو ئەمانە سەرچاوەی ئەو رەشبینیەیە، کە لە هەستی شاعیردا هەیە.

هەر ئەو روانینە رەشبینییەیە، کە شاعیر لە چەند شیعرێکیدا باکگراوندێکی کارەساتئامێزی دروست کردووە، لە شیعری (سوپاس بۆ ئاو کە تۆ لێرەی) لە وێنەیەکدا دەڵێت:

«قیامەتێک هەڵئەکات/ رەنگە خۆری تێدا ون بێت. / قیامەتێک بەرێوەیە/ تیایدا هەنار خۆی ئەکوژێت/ رووبار شەرم لە تەنیایی گەلێ ئەکا! / -با- قسەکانی خۆی/ لە ئێوارەی باخچەیەکدا حەشار ئەدا. / قیامەتێک بەرێوەیە/ منی تێدا نایەمەوە بۆ ماڵی چۆڵی قەسیدە! / بەرێوەیە قیامەتێک..»

دیارە (قیامەت) وەک سمبولی رۆژێک کە هەموو شتەکان تێیدا کۆتایی دێت، هەموو شتەکان رووبەڕووی فەوتان و لەناوچوون دەبنەوە، هەڵگری مانای تایبەت بە خۆیەتی. روانینی رەشبینی لەم وێنەیدا گەیشتووە بە ترۆپک، کە تێیدا هەموو شتەکان رووبەڕووی کارەساتی کۆتایی دەبنەوە، کاتێک دەڵێت منی تێدا نایەمەوە بۆ ماڵی چۆڵی قەسیدە مانای وایە لەو قیامەتەدا زمانیش ناتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت، ئەگەرچی بوونی مرۆڤ لە ناو زماندایە، کەواتە بوون بە ترۆپکی کۆتایی خۆیی دەگات.

زۆرجار شاعیر لە رێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاکەوە، وێنە شیعرییەکانی بەرجەستە دەکات، بە هۆیەوە دوو ئاراستەی جیاوازی تێڕوانین لە شیعردا دروست دەبێت، بۆ نموونە لە شیعری (پەڕینەوە بە فرمێسکەکانی زێوانێکدا) هاتووە:

«تۆ کە هەمیشە بە دەم شنەی خەیاڵەوە ئەپرسیت:/ دنیا بۆ هێندە کاڵ ئەنوێنێ/ بۆچی لە باخی گۆرانییدا/ میوەی وشەکان ناچنەوە سەر هیچ شیعرێک../ ئێمە لە کێ ئەچین خوایە!/ رێگاکان چەند زوو ون ئەکەین./ منیش هەمیشە پێت ئەڵێم؛/ ئەمانە گوڵی پرسیار نین/ هەتا لە باخچەکانی بەفری «یۆتۆبۆری»/ یان لە ئێوارە ساردەکانی دڵی تۆدا هەڵوەرێن..»

دیارە لەم وێنەیەدا لە رێگەی خودی ئەویدیکەوە کۆمەڵێک پرسیاری وجودی ورووژێندراون، شاعیر ئاماژە بەوە دەدات ئەوەی پرسیار دەکات بە دەم شنەی خەیاڵەوەیە، واتە دەکرێت زیاتر لە حاڵەتێکی نەستی ئەم پرسیارانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کاتێک ئاماژە بەوە دەدات، کە ئێمە چۆن کەوتینە ئەم تۆفانەوە، ئەوا بێگومان ئەم پرسیارە فۆرمێکی بوونیادیی هەیە بەوەی ئێمە چۆن کەوتوینەتە ناو (بوون)ەوە؟ دیارە لەم شیعرەدا پرسیاری قووڵی وجودی ورووژێندراون، کە خوێنەر دەخەنە بەردەم زیاد لە چەند تێڕوانینێکەوە. هەر لەو شیعرەدا شاعیر دووبارە دەمانخاتە بەردەم تێڕوانینێکی رەشبینیانە بەرانبەر بە دنیا، وەکو لە وێنە شیعرێکیدا هاتووە:

«قەسەم بەو سێوەی، قەدەری هەموومانی/ هێنایە سەرزەمینی عەزاب.»

دیارە مەبەستی (غەمبار) ئەو سێوەیە، کە خوا



دەتوانین بڵێین نۆستالژیا کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لەسەر دنیابینیی شاعیر هەبووە، چونکە دیوە خەمهەژێنەکەی نۆستالژیا بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین وێنە شیعر، کە هەموویان گوزراشتن لە نامۆیی مرۆڤ لە شوێنێکدا

لە (ئادەم)ی حەرام کرد، بەڵام (ئیبلیس) ئادەمی هەڵخەڵەتاند، بۆیە تووڕەبوونی خوادوەندی لێ کەوتەوە، لە ئەنجامدا ئادەم لە بەهەشت دەکرا بۆ سەر زەوی. ئەم چیرۆکە زیاد لە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئەم (سێوە) تەنها بەهانەیەکی خوداوەندە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بەهەشت دەربکرێت. خوێندنەویەکی دیکە ئەوەیە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکە هەڵە دەکات، هەر بەو هۆیەوەیە، کە تووڕەبوونی خوداوەندی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام لەم وێنە شیعرەدا شاعیر ئەم سەرزەمینە بە سەرزەمێنێکی عەزاب دەشوبهێنێت، ئەوەمان بۆ دەردەخات مرۆڤ چونکە بوونەوەرێکی خراپەکارە بۆیە شوێنی لە بەهەشت نەبووەتەوە، لە فەزایەکدا نیشتەجێ کرا، کە شوێنی هەموو تاوانەکانی مرۆڤی تێدا دەبێتەوە. بەڵام لەم وێنە شیعرییەدا شاعیر ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بەهای ئەو سێوە بەهایەکی تا بڵێی گەورەی هەیە، چونکە هەموو مرۆڤایەتیی خستووەتە ناو عەزابەوە.

هەر وەکو سەرەتا ئاماژەم پێی دا خوێندەوە یان راڤەکردنی ئەزموونی شیعری (جەمال غەمبار) تایبەتمەندیی خۆیی هەیە، ئەگەرچی ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکی خێرایە بۆ ئەزموونی (جەمال غەمبار)، بەڵام هەوڵیشم داوە خوێندنەوەیەکی تایبەتم هەبێت بۆ ئەزموونی شاعیر، چونکە هەر لێکۆڵینەوەیەک دنیای تایبەتی خۆی هەیە لە دەرەوەی تێکستدا، رەخنە پاشکۆی ئەدەب نییە، بەڵکو داهێنانێکی سەربەخۆیە. شیعرەکانی (جەمال غەمبار)یش لە دەرەوەی رەخنەدا دنیای تایبەت بە خۆیان خوڵقاندووە، ئەزموونی شیعری (جەمال غەمبار) یەکێکە لە ئەزموونە گرنگەکان.





## ژمارەی داهاتوو...

### دیدار لەگەڵ نووسەرو چیرۆکنووس «شێرزاد حەسەن»

### دۆسیەی تایبەت بە شاعیرو وەرگێڕ «دلاوەر قەرەداغی»